


**٢٥**



مافناس – حەسەن ئەیوبزادە

## لێکۆڵینەوە لە تیرۆری د.قاسملوو و عەبدوڵلا قادریی ئازەر لە ڤییەن به پێی بەڵگەنامەکان

### گوللەیەکی وێڵەکیی تیرۆری د.قاسملوو و عەبدوڵلا قادری وپلانی تیرۆریستەکانی ئاشکرا کرد

**کاتژمێر نۆزدە و بیست خولەکی رۆژی ١٩٨٩/٧/١٣**

**راگەیاندنی روداوێک بە پۆلیسی شاری ڤییەن**

**خاوەن مالی ئاپارتمانی ژمارە١٣ لە قاتی ٣ بینای ژمارە پێنجی لینکە بانگاسێ لە مەنتیقەی ٣ ی شاری ڤییەن, تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکا و رادەگەیەنێ کە: بریندارێک لە زەنگی دەرگای مالەکەمی داوە و بە ئیشارە داوای کردووە کە: تەلەفون بۆ پۆلیس بکەم...**

**دوو پۆلیس بە پەلە بەرەو ئەوشوێنەی کە لەسەرەوە باس کرا دەنێردرێن. ئەو دوو پۆلیسە لە نزیک چوارڕێی شەقامی لینکە بانگاسێ روبەروی کافە تریچ– تراچ نزیک بە شوێنی روداوەکە کۆمەلێک خەلکی لێکۆبووەتەوە دەچن.**

**پۆلیسەکان لە ناو ئەو کۆمەلەخەلکەداو ولە نزیک دەزگایەکی کۆنترۆلی کارەبا لە پیادە رێ، کەسێکی جل و بەرگ خوێناویی دەبینن. پزیشکێک بە ناوی ژۆزێف سزابۆ[1] دەچێتە لایان و خۆی دەناسێنێ: " من پزیشکم ، ئەو کەسە جێبرینی پێکانی گوللەیەکی بە لاملیەوەیە و مەترسیی مەرگی لێدەکرێ."**

**یەک لەو دوو پۆلیسە بە پە لە داوای ناردنی ئامبۆلانسێک بۆ بردنی بریندارەکە بۆ نەخۆشخانە دەکا و دەگەرێتەوە لای بریندارەکە و دەیهە وێ پرس و جۆی لێبکا. کارگێری پۆلیس بەم شێوەیە روانگەی خۆی لەو دیمەنە بۆ بەرپرسانی ناوەندی پۆلیس باس دەکا : بەپەلە گەرامەوە لای بریندارەکە, بێهۆش نەببوو، هەولم دا لەوحالەدا پرسیاری لێبکەم، بەلام لاڵەپەتەیی ئەو دوو وشەیەی گوت." ایران – دیپلۆمات".**

**بروکەیەک دواتر، کەسێک دەرکەوت کە ناوی امیر منصور بزرگیان اصل ە و بە شەقامی " گرۆسر ئونگار بروکەدا[2] بەراکردن و لە لای شتادپارک[3] ەوە بۆلای من دەهات. گەیشتە لام و دەستی گرتم، بەرەو کۆلانی "لینکەبانگاسە" بینای ژمارە ٥[4] راکێشام و لەوێ قیژاندی: هاورێکانم! هاورێکانم! بەپەلە بەرەو بینای ژمارە ٥ رایکرد تا خۆی گەیاندە قاتی ٣ تاگەشتە بەر دەرگای ژمارە ١٢ نەوەستا . من و هاوکارەکەم بە دوایدا لە دەرگای ژمارە ١٢ وەژور کەوتین.**

**لە قاتی سێهەمی بیناکەدا بۆ پارێزگاریی لە خۆمان، دەمانچەکانمان بەدەستەوە، خستنەسەرپێ. دەرگای ژمارە ١٢ پێوەدرابوو، بەلام قەڵشتێکی پێنج سانتیمێتریی کراوە بوو. من و هاوکارەکەم وەژورکەوتین و دەستمان بە پشکنین کرد. کابینێتێکی سێ ئۆدەیی بوو. لە ئۆدەی دانیشتنەکەدا تەرمی سێ پیاوی شەڵاڵی خوێنمان بینی. امیر منصور بزرگیان کە بەدوامان دا هاتبوو، ئەویش لە تەرمەکانی روانی و بێدەنگ ماو لەبەر دەمی کابینێتی بەر ئۆدەی نشیمەنەکە بەسەریەکدا روخا. هاوکارەکەم ئەو کەسەی لە دەرگای ئۆدەکە دور خستەوە.**

**ئەوسێ پیاوە لیباس لەبەرە، لە خوێندا شەڵاڵە, لەسەر ئەردەکە لە تەنیشت تەختێکی نووستن بەلادا کەوتبوون و کورسییەک وەرگەڕابوو. بە لەشی پیاوەکانەوە زۆر جێبرینی پێکانی گوللەم بە تایبەتیی بەسەریانەوە بینیی. من وای بۆچووم کە ئەوسێ کەسە ئیتر زیندوو نەبوون. بەپەلە بەرەو دەزگای بێسیمەکە چووم و داوای پزیشکێکی دیکەم کرد. هاورکارە پسپۆرەکەم لەپێش دەرگای ئەو شوێنەی کە تەرمەکانی لێبوون وەستا.**

---

1 **Szabo Josef**

**2 Grosse Ungar brueke**

3 Stadpark

4 Linkebahngasse

له ئۆدەکەدا کارەبا نەبوو، پەردەی کابینێتەکە بە تەواوی داکێشرابوو. لە ئۆدەی دانیشتنەکە تایەکی پەنجەرەکە کرابۆوە. وەزعی تەرمەکان لە لایەن ئێمەوە و پزیشکی فریاکەوتنەوە نەگۆردران. بەرپرسانی بەشی پێوەندیی بۆ پشتیوانیی کردنمان بە پەلە کەرەسەی دیکەی پێوەندیی گرتنیان بۆناردین. بەشی پزیشکیی و فریاکەوتنی ناوەندیی، پزیشکیان نارد. بریندارەکە بە ئامبۆلانس بۆ نەخۆشخانە ی فرانتس ژۆزیف راگوێزرا. هاتوچۆ بە کۆلانی لینکەبانگاسێ و دەوروبەریدا قەدەخە کرا.لە بەشی ١دا دوکتور زێهێتمایر و ماهرینگێر و لە بەشی دژە تێرۆر دوکتور کێسلێر و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسان و پسپۆرانی بەشە جیاوازەکانی حکومەتیی و بەرپرسی دادوەریی کێشکی رۆژانە هاتن... لە شوێنی رووداوەکە کارگێڕانی دەولەت پێوەندییدار بە لێکۆلینەوە لەو بابەتە، کۆبوونەوە.

تێبینیی: بە پێویست نەزانرا ناوی زۆر لە کارگێرانی بەشە جوارجۆرەکانی دەولەتی ئوتریش کە چووبوونە شوێنی رووداوەکە لێرەدا بنووسرێن.

بەگوێرەی وتەکانی هاوژینی کرێگرتەی ئاپارتمانی ژمارە ١٣ ی لینکە بانگاسێ بینای ژمارە 5 قاتی ٣، دراوسێی ئاپارتمانی ژمارە ١٢، تێرۆری دقاسملوو و عەبدوللا قادریی و کوشتنی فازل رەسوڵ ، لە کاتژمێر هەڤدە و دەخولەکی رۆژی ١٣/٧/ ١٩٨٩ بەڕێوە چووبوو و لەچەند چرکەساتدا کۆتایی پێهاتبوو.

پێکانی باسکی چەپێ صحرارودی بە گوللەیەکی وێڵەکیی خۆی کە هەموو کارناسانی چەک و پسپۆرانی پزیشکیی و زانایانی لابراتۆرەکان لە ئاکامی لێکۆلینەوەکانی خۆیان دا نووسیویانە تەئییدیان کردووە و شوێنی بەجیماوی گوللە وێڵەکیی-یەکەی صحرارودیی بەدیواری ئۆدەکەوە، تەڵەزمە قورقوشمی گوللەوێڵەکییەکەی ناو زاری صحرارودیی یان کە تفی کردبۆوە نێو گوڵدانێکی ناو ئۆدەکە و دوای نزیک بەدوومانگ لە پشکنینی شوێنی جینایەتی تێرۆرەکە و ئازادکردنی صحرارودی دوای دەرۆژ راگرتنی لە نەخۆشخانە و ئیسکۆرت کردنی بەرەو تاران واقعییەتی تێرۆری د.قاسملووو عەبدوللا قادریی ئازەر بە پێی پلانی دارێژراوی ئۆدەی کارەتایبەتییەکان و بە بریاری سەران و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی و هاوکارە کوردەکانیان ئاشکرابوو.

تاوانبارکراوە ئازدکراوەکان بە تێرۆری سیاسیی د.قاسملوو سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و عەبدوللا قادریی ئازەر نوێنەری حدکا لە ئوروپا و کوشتنی فازل رەسوڵ ( مەلا محمود) کە لەرەوتی لێکۆلینەوەکاندا بە وردیی باسی دەکرێ و دەناسێندرێ، بریتیی بوون لە:

١-محمد جعفری صحرارودی[1] فەرماندەرێکی دەزگای ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران سەر بە قەرارگەی رەمەزان بووە. ناوبراو بە پێێ رێکەوتنی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ ی تالەبانیی و وەفدەکەی لەگەڵ باقری ذوالقدرلە تاران, بە ناوی سەرۆکی دەفتەری سەرەکیی ئێران ناردرابوو بۆ یاخسەمەر؟!. یاخسەمەر ناوەندی ینک و شوێنی ژیانی تالەبانیی لەچەند کیلۆمیتریی دەفتەری سیاسیی حدکا لە گەورەدی بوو. بروانە کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا ، نووسینی نەوشیروان مصطفی ئەمین، چاپی یەکەم و دووهەم ساڵی ١٩٩٩ ، برلین و سلێمانیی.

بە تایبەتیی د.قاسملوو د.شەرەفکەندیی و دواتر سەدان کادرو پێشمەرگەی چەک کراوی حدکا بهاوکاریی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە و تیمەکەی، بە ناوی بەرپرسی دەفتەری سەرەکیی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە گوندی یاخسەمەر دەفتەری سەرەکیی ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارانی لە یاخسەمەر دامەزراند.

گوندی یاخسەمەر بەپێێ رێکەوتنی خێڵەکیی و بێ ئێعتیباری تالەبانیی و وەفدەکەی لە تاران لەگەڵ پاسدار باقر ذوالقدر کارگێرێکی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦، کرا بە شوێنی عەمەلیاتیی و جاسوسیی صحرارودیی و سپای پاسداران بە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. ٢

٢- حاجی مصطفی اجوادی ،ناوی ئەو تێرۆریستە تەزویریی بووە و لە رەوتی لێکۆلینەوەدا ناوی راستەقینەی ئاشکرا دەکری. ٣- امیر منصور بزرگیان بادیگاردی صحرارودی.

ئەو چەند تێرۆریستە لە کاتژمێر ٣٠ /١٤ ی ١٩٨٩/٧/١٣ لەهۆتێل هیلتۆنی شاری ڤییەنەوە بەرەو گەڕەکی لینکەبانگاسێ بینای ژمارە ٥ ، ئاپارتمانی ژمارە دوازدە لە قاتی ٣ی ماڵی ژنە سیغەییەکەی فازل رەسوڵ وەرێکەوتبوون. مەودای هۆتێل هیلتۆن تا ئەو شوێنە چەند خولەکێک بووە و بە پێ چووبوون... زانیاریی گشتیی ئەو چەندکەسە لەرەوتی لێکۆلینەوەی پۆلیس و دادوەرانی لێکۆلینەوەدا باس دەکرێ.

تێبینیی :لەو لێکۆلینەوەیەدا رووداوەکان بە پێی رێکەوتەکانیان باس کراون.

## دۆزرانەوەی چەکی تێرۆریستەکان لەگەڵ بەڵگەی کرینی مۆتۆرسیکلێت لە زبڵدانی شەقامێکی ڤییەن

۱۹۸۹/۷/۱٤

کاتژمێر 00.45 کارگێڕانی شارداریی مەنتیقەی ٦ ی ڤییەن لە شەقامی ماگدالنشتراسە[5] ژمارە ۱ سەبارەت بە دۆزرانەوەی " کەرەسەیەکی جێی گومان " لە روبەڕوی مەنتیقەی ٦ ی ڤییەن لە کۆڵانی دێنزلبێرک[6] لینکە بانگاسە [7] ژمارە ۲٤ رادەگەیەنن کە لە سیپێکی میوەدا، لە تەنیشت زبڵدانێک دوو دەمانچە دۆزراونەوە.

کاتژمێر یەک، تیمێکی دیکە دەچنە ئەو شوێنە و بەدوای چەکی دیکەدا دەگەڕێن. هەر لەو شوێنە لە تورەکەیەکی نایلۆنیی مارکی بێللادا چەکێکی دیکەشیان دۆزیبۆوە. بروانە وێنەکەی لەم روپەڕەدا !

دوای دۆزرانەوەی سێ چەکی تێرۆریستەکان، شوێنی تایبەتیی بۆ ناسینی نەوعی چەک ئاگادار کرابوو. ئاکامی لێکۆلینەوە بە زوترین کات راگەیەندرا و دەرکەوت کە یەک لەو سێ چەکە تیربارێکی دەستیی مارکی بێرێتا ئێم ۱۲ بووە. شتێکی دیکەش کە ئەو کارگێڕانە لە زبڵدانەکەدا دۆزیبوویانەوە ئاوێنەیەکی شکاوی مۆتۆرسیکلێتێکی مارکی سوزوکی وکلاوێکی مۆتۆرسواریی بووە. ئەو کلاوەش مارکی SHOEI پێوە بووە. ئەو شتانە تەحویلی بەرپرسەکان درابوون. ....

ڤییەن رۆژی ۱۳/۷/ ۱۹۸۹




لە رۆژی ۱۹۸۹/۷/۱۳یەکەمین لێکۆلینەوەی سەرەتایی لە امیر منصور بزرگیان کرا. ناوبراو یەک لەوسێ کەسەبووە کە بۆ بەرێوەبردنی پلانی تێرۆری د.قاسملوو عەبدوللاقادریی لە لایەن ئۆدەی کارەتایبەتییەکان( تێرۆری دژبەرانی سیاسیی رژیم) ژێر فەرمانی سەرانی رژیمی خومەینیی و بە تایبەتی اکبرهاشی رفسنجانی بە نهێنیی بو شاری ڤییەن پێتەختی وڵاتی ئوتریش( نەمسا) ناردرابوون.

بزرگیان بە گومانی بەشداریی لەتاوانی کوشتنی سێ کەس لە ئاپارتمانی ژمارە ٥ قاتی ۳ ئۆدەی ژمارە ۱۲ گەڕەکێ لینکە بانگاسێ مەنتیقەی ۳ شاری ڤییەن قەراری دەستبەسەرکردنی لەلایەن دادوەرانی لێکۆلینەوە درابوو.

وتەکانی امیر منصور بزرگیان لە پرس و جۆکردنی دادوەرانی لێکۆلینەوە و پۆلیسی دادوەریی لەگەل وتەکانی فەرماندەرەکەی خۆی بە ناو محمد جعفری صحرارودی ناتەبا بوون . لەورووەوە ناوبراو لەلایەن دادوەرانی لێکۆلینەوە بە تاوانی کوشتنی ئەو سێ کەسە کوژراوەی نێو ئاپارتمانە کە دواتر قەراری دەستبەسەرکردنی درابوو.

لێکۆڵەر لەمەر کاتی بەڕێوەبدرنی پلانی کوشتارەکە نووسیبووی: وێدەچێ، لە دوانیوەرۆی رۆژی ۱۹۸۹/۷/۱۳ئەو تاوانانە کرابن.

شوێنی تاوانلێکراو ماڵی رێناتە فایستاوێر [8] ژنە سیغەیییەکەی فازل رەسوڵ بووە.

امیر منصور بزرگیان اصل ، ئێرانیی، لە دایکبووی ۱۹٥۸، دانیشتووی تاران, خاوەنی پاسپۆرتی سیاسیی ، خاوەن ژن, لە ماوەی مانەوەیدا لە ڤییەن لە شەقامی ماریا هیلفێر شتراسە[9] لە ئۆدەی ۱٥٦ و۱٤۰ لە هۆتێل شتیگل برۆی جێگیر بووە.
تێبینیی ۱: پاسپۆرتی ژمارە ۰٥٤۰۰۹[ 2 ] رێکەوتی نووسین و دانی ئەو پاسپۆرتە بە بزرگیان ۲۱ /٦ /۱۹۸۹ بووە[3].

ناوبراو بۆ بەڕێوە بردنی مەئمورییەت و ئەرکێک کە سەرانی سیاسیی رژیمی خومەینیی پێیان ئەسپاردبوو، لە بە فرۆکە تارانەوە بەرەو زوریخ فریبوو و بە قەتاریک لە فێلد کیرخەوە واتە بەرەو شاری ڤییەن وەرێکەوتبوو.

تێبینیی۲ : ئۆدەی کارەتایبەتییەکانی رژیم بۆ ئەوە ناوی تێرۆریستەکانی ئاشکرانەبێ، رێگەی نەدابوو بە فرۆکە بەرەو ڤییەن سەفەربکەن.

---

5 Magdalenstr. 2 denzekberg -3 Linke Bahngasse

8 Faistauer Renater

9 Maria hilferstr.

**کەسانی‌دیکەی وەکوتالەبانیی که لە قۆناخی یەکەم‌دا که لەگەل دوو ئەندامی سەرکردایەتیی ینک ناردرابوون بۆ ڤیەن به ناوی خوازراوە ( تەزویریی) سەفەری ڤییەنیان کردبوو. لە ناو ئەواندا نەوشیروان مصطفی به پاسپۆرتی عێراقیی‌یەوە بۆ ئەو سەفەرە چووبوو.**

**٢٢ رۆژ بەر لە بەرێوەبردنی تێرۆرەکە و لە قۆناخی دووهەمی بە ناو وتوێژدا، رێکخەرەکانی پلانی تێرۆری د.قاسملوو، لە تاران ، کرماشان و یاخسەمەر، زانیبوویان کە د.قاسملوو لەوکاتەدا لە فەرەنسە بووە و ویزای چوونی بۆئەمریکای پێدرابوو. قەرار بووە کە د.قاسملوو لە کۆنفەرانسێکدا لەسەر مافی مرۆڤ، لەگەڵ مادام میتێران، هاوژینی سەرۆک کۆماری بەرێی فەرەنسە لە ئەمریکا بەشداریی بکا..**

**کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر رێبەرانی حدکا لە گەورەدێ( ناوەندی حدکا ) بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی ئێران و سپای پاسداران و باقری ذوالقدر بە پێی وتوێژی شیخ علی فلاحیان (وەزیری ئیتتیلاعات لە کابینەی رفسنجانیی‌دا) کاری توێژێکی سەرەوەی رێبەرایەتیی حدکا ( مەلا عەبدوللای حەسەن‌زادە و تیمەکەی) بووە.**[10]

**کۆکردنەوەی زنیاریی لەسەر د.قاسملوو بۆ "وەزارەتی ئیتتیلاعات"، ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و یەکێتیی نیشتمانیی لە ناو حدکا لە گەورەدێ (ناوەندی حدکا) ئاسانترین کار بووە، چونکە تالەبانیی لە ١٩٨٦ تەنزیمی "ینک "ی کردبوو بە تابوری پێنجەمی رژیمی کۆماری ئیسلامیی و لە ناو ئیتتیلاعاتی سپای پاسدران‌دا تواند بوویەوە. بروانە کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا نووسینی نەوشیروان مصطفی لاپەرەکانی ١١٢– ١١٣– ١١٤. رێکەوتنی ١٩٨٦ ی تالەبانیی رێکەوتنێکی سیاسیی نەبووە. دەولەتان ناتوانن لەگەل خێل و عەشیرەت و تاقم و حیزب پەیماننامە ببەستن ورێکەوتن ئیمزابکەن. بروانە پەیماننامەی ١٩٦٩ ڤییەن. سەرانی ینک و بە تایبەتیی مەکتەبی سیاسیی ینک لەپێوەندیی‌یە ناو دەولەتیی‌یەکان، حکومەت و دابەش کردنی دەسەلات زانیاریی‌یەکیان نەبووە. کورد گوتەنیی : ئەوە ی سمێلی سور بووبێ پێیان وابوە هەمزاغایە. تالەبانیی لە وتوێژەکانی‌دا ئەو رێکەوتنەی بە هاوپەیمانیی لەگەل "جەمهوری ئیسلامیی " پێناسەکردبوو. ئاکامی ئەو رێکەوتنەش وەکوو دوو کارگێری سەرەکیی ینک لە ٢٠٠٩ دا بلە قاویان‌دا خولقاندنی زەمینەی پێویست بۆتوناکردنی کوردو کارەساتی ئەنفالەکان، کارەساتی هەلەبجە و سەردەشت و تێرۆری رێبەرانی حدکاو و ئاشبەتالی هەموو تەنزیم و حیزەسیاسیی‌یەکانی کورد لە باشورو رۆژهەلاتی کوردستان بۆ دوو رژیمی بەعس و کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە. بروانە راپۆرتی تالەبانیی بۆ پلێنۆمی چواری ینک لە ٢٩–٢٠٠٩/١٠/٣١ و وەلامەکەی نەوشیروان مصطفی بۆ ئەو راپۆرتەی تالەبانیی!**

**تێبینیی٣ : بۆ ئەوە سەرجەمی بەڵگەنامەکانی کتێبی خولانەوە لە ناو بازنە دا، نووسینی نەوشیروان مصطفی بخوێننەوە پی‌دی ئێفەکەی دابەزێنن . بۆ دابەزاندنیشی کرتە بۆ ئێرە بکەن و Ctrl دابگرن!**

**زانیاریی‌یە سەرەتایی‌یەکان**

**ئەوکەسانەی کە سەرەتا پۆلیسیان لەبرێنداربوونی صحرارودی ئاگادار کردبوو بریتیی بوون لە :**

**١– امیر منصور بزرگیان اصل، ناوبراو بادیگاردی صحرارودی و یەکێ لە ئەندامانی تاقمی سێ کەسیی تێرۆر، خاوەنی پاسپۆرتی سیاسیی، لە دایک بووی ١٩٥٨، ژندار، جێی مانەوەی لە ڤییەن مەنتیقەی ١٥ شەقامی ماریا هیلفێر شتراسە ژمارە ١٥٦ ئۆدەی ١٤٠ لە هۆتێل شتایگل برۆی بووە . ناوبراو لە ١٩٨٩/٦/٢١ بە قەتار لە فێلد کیرخەوە ( زوریخ) چووبوو بۆ شاری ڤییەن.**[4]

**٣و٢– کرێگرتەی ئاپارتمانی ژمارە ١٣، کارگێری دایرەیەکی دەوڵەتیی دیوار بە دیواری شوێنی روداوەکە لە مەنتیقەی ٣ی ڤیەن و شەقامی لینکە بانگاسە 5/3/12 و ژنەکەی. ناوەکانیان لە کاتی راگەیاندنی زانیاریی‌یەکانیان بە پۆلیس نووسراوە.**

**٤– پزیشکێک بە ناوی سزابۆ ژوزێف. ڤییەنیی، لە مەنتیقەی ٦ کە بە رێکەوت لە شەقامی لینکە بانگاسێ بووە و تێرۆریستە بریندارەکەی دیتبوو.**

**لە راپۆرتی یەکەمی پۆلیس‌دا نووسراوە : پێکراوەکان بە گوللە، ٣ پیاوی ئێرانیی یان عێراقیی لەگەل برینداری‌ک بە ناوی محمد جعفری صحرارودی بوون. شوێنی مانەوەی بریندارەکە لە ڤییەن، مەنتیقەی ١٥ ژمارە ١٥٦ شەقامی ماریا هیلفرشتراسە هۆتێل شتیگل برۆی ئۆدەی ١٣٤ بووە.**

## راگەیاندنی روداوە کە بە پۆلیس

**کاتژمێر ١٩نۆزدە و بیست خولەکی رۆژی ١٩٨٩/٧/١٣**

10 Plaedoyer im Mikomos – Prozess 21. Nov. 1996, 14 Feb, und 3. April 1997

خاوەن مالی ئاپارتمانی ژمارە١٣ لە قاتی ٣ بینای ژمارە ٥ ی لینکە بانگاسێ لە مەنتیقەی ٣ ی شاری ڤییەن تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکا و رادەگەیەنێ کە: بریندارێکی جل و بەرگ خوێناویی لە دەرگای مالەکەی داوە و بە ئیشارە تییگەیاندبوو کە پۆلیس ئاگاداربکرێ.

دوای راگەیاندنی ئەو خەبەرە ، دووکەس لە کارگێرانی پۆلیس بە پەلە بەرەو ئەوشوێنە چوو بوون. ئەو دوو کارگێرەی پۆلیس لە نزیک چواررێی لینکە بانگاسێ روبەروی کافە تریچ- تراچ نزیک بە شوێنی روداوەراگەیەندراوەکە کۆمەلە خەلکێک دەبینن و بۆلایان دەچن.

پۆلیسەکان لە ناو ئەو کۆمەلەخەلکە ولە نزیک دەزگایەکی کۆنترۆلی کارەبا لە پیادە رێ کەسێکی جل و بەرگ خوێناویی دەبینن. پزیشکێک کە بە رێکەوت لەو شوێنەبووە بە ناوی سزابۆ ژۆزێف [11] دەچێتە لایان و خۆی دەناسێنێ: " من پزیشکم ، ئەو کەسە برینی پێکانی گوللەیەکی بە لاملیەوەیە و مەترسیی مەرگی لێدەکرێ."

بەرپرسەکەی پۆلیس بە پە لە داوای ناردنی ئامبۆلانسێک بۆ بردنی بریندارەکە بۆ نەخۆشخانە دەکا و بۆ پرسو جۆ دەگەرێتەوە لای بریندارەکە. کارگێری پۆلیس لە راپۆرتەکەیدا بەم شێوەیە روانگەی خۆی لەو دیمەنە و بریندارەکە نووسیوە: بریندارەکە بێهۆش نەبوو. من هەولم دا لەوحالەدا پرسیاری لێبکەم، بەلام لالەپەتەیی ئەو دوو وشەیەی بە من گوت: " ایران – دیپلۆمات".

بەرپرسەکەی پۆلیس دەنووسێ: کەسێک کە دواتر دەرکەوت ناوی امیر منصور بزرگیان اصل ە ، بەسەر شەقامی " گرۆسێ ئونگار بروکە[12]دا و لە لای شتادپارکەوە[13] بۆلای من دەهات، هەرکە گەیشتە لام دەستی گرتم و بەرەو کۆلانی لینکەبانگاسە بینای ژمارە ٥ رایکێشام و لەوێ قیژاندی وگوتی: هاورێکانم! هاورێکانم! ئەو کەسە بەرەو بینای ژمارە ٥ رایکرد تا خۆی گەیاندە قاتی ٣و بەرەو دەرگای ژمارە ١٢ چوو. من و هاوکارەکەم بە دوایدا لە دەرگای ژمارە ١٢ وەژور کەوتین. لە قاتی سێهەمی بیناکەدا بۆ پارێزگاریی لە خۆمان، دەمانچەکانمان بەدەستەوە، خستەسەرپێ. دەرگای ژمارە ١٢ پێوەدرابوو، بەلام قەلشتێکی پێنج سانتیمێتریی کراوە بوو. من و هاوکارەکەم وەژورکەوتین و دەستمان بە پشکنین کرد: کابینێتێکی سێ ئۆدەیی بوو، ئاخرسەر لە ئۆدەی دانیشتنەکەدا تەرمی سێ پیاوی شەلالی خوێنمان بینی. امیر منصور بزرگیان کە بەدوامان‌دا هاتبوو، ئەویش لە تەرمەکانی رووانی و بێدەنگ ماو لەبەر دەمی کابینێتی بەر ئۆدەی نشیمەنەکە بەسەریەک‌دا روخا. هاوکارەکەم ئەو کەسەی لە دەرگای ئۆدەکە دور خستەوە.

ئەوسێ پیاوە لیباس لەبەرەی لە خوێن شەلالە دا لەسەر ئەردەکە لە تەنیشت تەختێکی نووستن بەلادا کەوتبوون و کورسییەک وەرگەرابوو. بە لەشی پیاوەکانەوە زۆر جێبرینی پێکانی گوللەم بینیی. بە تایبەتیی بەسەریانەوە. من وای بۆچووم کە ئەوسێ کەسە ئیتر زیندوو نەبوون. بەپەلە بەرەو دەزگای بێسیمەکە چو وم و داوای پزیشکێکی دیکەم کرد. هاورکارە پسپۆرەکەم لەپێش دەرگای ئەو شوێنەی کە تەرمەکانی لێبوون وەستا. لە ئۆدەکەدا کارەبا نەبوو، پەردەی کابینێتەکە بە تەواوی داکێشرابوو. لە ئۆدەی دانیشتنەکە تایەکی پەنجەرەکە کرابۆوە. وەزعی تەرمەکان لە لایەن ئێمەوە و پزیشکی فریاکەوتنەوە نەگۆردران. بەرپرسانی پێوەندیی گرتن بۆ پشتیوانیی کردنمان بە پەلە کەرەسەی دیکەی پێوەندیی- گرتنیان بۆناردین. بەشی پزیشکیی و فریاکەوتنی ناوەندیی، پزیشکیان نارد. بریندارەکە بە ئامبۆلانس بۆ نەخۆشخانەی کایزێر فرانتس ژۆزێف[14] راگوێزرا. هاتوچۆ بە کۆلانی لینکەبانگاسێ و دەوروبەریدا قەدەخە کرا.لە بەشی ١دا دوکتور زێهێتمایر و و ماهرینگێر و لە بەشی دژەتێرۆر دوکتور کێسلێر[15] و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسان و پسپۆرانی بەشە جیاوازەکانی حکومەتیی و بەرپرسی دادوەریی کێشکی رۆژانە هاتن... لە شوێنی روداوەکە کارگێرانی دەولەت پێوەندییدار بە لێکۆلینەوە لەو بابەتە کۆبوونەوە.

لە ئۆدەیەکی کوشتارگەکەدا کیفێکی چەرمین دۆزرایەوە کە نازانرێ چی‌تێدایە. پسپۆری شارەزای کەرەسەی تەقینەوە ئاگادار کرا .

امیر منصور بزرگیان اصل، پاکەتێکی پێیە کە ٩٤٠٠ دۆلاری ئەمریکیی تێدایە. ناوبراو ئەو پاکەتەی لە صحرارودی وەرگرتبوو کە لەسەرشەقامەکە چاوەروانی فریاکەوتن و بردنی خۆی بۆ نەخۆشخانە بووە. بە هۆی دژواربوونی فامکردنی زمانی ناوبراو نەکرا پرس و جۆی لێبکرێ.

11 Szabo Josef

12 Grosse Ungarbruecke

13 Stadpark

14 Kaiser Franz Josef- Spital

15 Dr. Oswald Kessler

**ئێواميلتۆن و كوكاچكا[16] يەكەم كەسانێک بوون كە روداوی دیتنی برێندارەكەیان بە پۆلیس راگە یاندبوو.**

**ئێوا لە گێرانەوەی دیمەنی بریندارەكەدا گوتی " ئەمرۆ ١٩٨٩/٧/١٣ پێموایە كاتژمێر <u>نۆزدە و بیست</u> <u>خولەک بوو</u> كە لە زەنگی دەرگای ماڵەكەمان درا . من كردمەوە. پیاوێكی خوێناویم دی، مێردەكەم تەلەفونی بۆ پۆلیس كرد. ئەو بریندارە خۆی بەرەو شەقامەكە وەرێكەوت.**

**سەرجەمی ئەوكەسانەی كە زانیاریی نهێنییان لەو روداوە هەبووە بە كارگێڕانی SB ناسێندرابوون.**

### ئەو بەڵگەنامانەی كە بەشێوەی كاتی لە لایەن پۆلیسەوە دەستیانبەسەر داگیرا

**١ پاسپۆرتی ژمارە ٠٥٤٠٠٩ رێكەوتی نوسین ١٩٨٩/ ١ /١٤ ، تاران ، خاوەنەكەی امیر منصور بزرگیان اصل ٥،**

**٢-پاسپۆرتی سەفەریی ژمارە ٠٠٥٩٣٣ لە ٢٠/١٢/١٩٨٨ بە ناوی محمد جعفری صحرارودی و جەوازی لێخورینی ترومبیل، تیكێتی سەفەرو گەڕانەوە بۆتاران هی بزرگیان، پلاستیكێک كە ٦٠٠٠ شیلینگی تێدابووە لەگەڵ ٩١دۆلاری ئەمریكیی كە پەڵەی خوێنی پێوە بووە.ئەسكیناسێكی ١٠٠ شیلینگیی ئوتریش و ١٠٠٠ شیلینگیی و ١٠٠ شیلینگییەكی خوێناویی .... بەڵگەی دانەوەی ٦٠٠٠ شیلینگ بە امیر منصور بزرگیان لە لایەن پۆلیسەوە.**

### یەكەم لێكۆڵینەوە لە گومانلێكراو امیر منصور بزرگیان اصل

**١٩٨٩/٧/١٣**

**لیكۆلینەوە لە كاتژمێر بیست و دو و سیو پێنج خولەكەوە دەستی پێكرد و تا پێنج و دەخولەكی رۆژی دواتری خایاند.**

**<u>امیرمنصور بزرگیان اصل، لە دایكبووی ساڵی ١٩٥٨ خاوەنی پاسپۆرتی ژمارە ٠٥٤٠٠٩ لە ژانویەی ١٩٨٩ وەریگرتووە.</u>**

**<u>وەرگێڕێكی ژن بە ناوی ئا- ئێم وتەكانی بزرگیان بە زمانی ئالمانیی تەرجەمە دەكاتەوە. بزرگیان بەم شێوەیە لەخۆی و روداوەكە دەدوێ:</u>**

**"من دیپلۆماتم و دەمەوێ نوێنەرێكی دەولەتی ئێران لێرە حازربێ. لەو رووەوە كە من خاوەنی پاسپۆرتێكی كۆماری ئیسلامیی ئێرانم،هەرچەند كە لە ئوتریش رەسمییەتی پێنەدراوە، باوەرم وایە ورادەگەیەنم من دیپلۆماتم ، من ئامادەم رونكردنەوەیەک لەسەر ئەوبابەتە رابگەیەنم":**

**بزرگیان دوای ئەو وتانەی دەلێ : نزیک بە "پێنج مانگ پێش- لێكۆڵەرەوە لێرەدا ئاماژەی بە راپۆرتێكی پۆلیس كردووە كە تێیدا لە نێو دوو كەوانەدا رێكەوتی " ( ١٩٨٩/١/١٨ تا ١/٢٤/ ١٩٨٩) " نووسراوە و ئاماژەی بە چاوپێكەوتنی دوو نوێنەری حدكا و نوێنەرانی ئێرانییەكان و هاوكارەكانیان لە ئوتریش لەو دوو رێكەوتەی سەرەوە كردووە و دەنووسی: ئەو چاوپێكەوتنە لە مالی ژمارە ٨ نزیک بە** ماڵی فازل رەسوڵ كرابوو كە نزیک شوێنی strip-lokal بووە. لێكۆلەرەوە وایبۆچووە كە ئەو شوێنە رەنگە لە كۆلانی [17] Dietrichsteingasse بووبێ.

مەبەستی بزرگیان قۆناخی یەكەمی بە ناو ئەو "وتوێژە" بووە كە لە ٢٨ دیسامبری ١٩٨٨ و ٣٠ دیسامبری ١٣٨٨ و ٢٠ ژانویە ١٩٨٩ بە ئیبتیكاری جەلال تالەبانیی و بە بەشداریی نەوشیروان مصطفی ئەمین پێک هاتبوو. دووكەس بەو ناوانە: خەسرەو خاڵ و شازاد صائب ئەندامانی سەركردایەتیی ینک لە لایەن تالەبانیی و نەوشیروان مصطفیوە هێنرابوون بۆ ئەو كۆبوونەوانە بۆ ئەوە بە د.قاسملوو نیشانبدەن كە وتوێژەكە جیددیی‌یە.

رۆژی یەكەمی كۆبوونەوەكە لە ماڵی لایەنگرێكی تالەبانیی بە ناوی خەبات مەعروف لە ڤییەن كە سەعدی ئەحمەد پیرە، یەكی لە ئەندامانی سەركردایەتی ینک، ریكی خستبوو بەڕێوە چووبوو. كۆبوونەوەكانی دیكە لە رۆژەكانی دیكە لە ٢٨ و٣٠ دیسامبری ١٩٨٨ و ٢٠ ژانویەی ١٩٨٩ لە ماڵی فازل رەسوڵ و براكانی بەرێوەچووبوو. بەڵگەیەک لەمەر ئاشكراكردنی بوونی ئەو كەسە لە ڤییەن لەوكاتەدا نەكەوتووەتە بەردەستی پۆلیس. بزرگیان ئەگەر لە ڤییەنیش بووبێ خۆی ئاشكرا نەكردبوو.

تالەبانیی كارەكەی وا رێكخستبوو كە هیچ ئەندامێكی حدكا لە دەورێكی كە ئەوو ئەندامانی ینک و لایەنگرەكانی بۆ ئەوپلانە كە دایانرشتبوو ئاگادار نەبێ.

16 Kukaczka – Milton Eva

17 Dietrichsteingasse

ڕێکەوتی وتوێژی قۆناخی یەکەمیش کە لەلایەن بەرپرسەکەوە لە ناوکەوانەدا ( ١٩٨٩/١/١٨تا ١/٢٤/ ١٩٨٩) نووسراوە ڕاست نییە. ئەوە ڕەنگە ڕێکەوتی هاتنی بزرگیان بۆ بەڕێوەبردنی پلانی تێرۆرەکە لە قۆناخی یەکەم دا بووبێ کە ئاخر ڕۆژی وتوێژەکە ڕۆژی ٢٠ ژانویەی ١٩٨٩ بووە.

پێشتر باسی ئەوەکرا کە قەراربووە لە قۆناخی یەکەمدا پلانی تێرۆری د.قاسملوو وعەبدوڵلا قادریی ئازەر لەو کاتە کە تاڵەبانیی و هاوکارەکانی لە ئوتریش بوون بەڕێوە بچێ. دوو ڕوداو سەلمێنەری هەبوونی ئەو پلانە بۆ بەڕێوەبردنی لە قۆناخی یەکەمدا بوون:

یەکەم: کڕینی ئاپارتمانێک بۆ ئەحمەد بنبێلا سەرۆک کۆماری پێشتری ئەلجەزایر، لەلایەن بالوێزخانەی ئێرانەوە لە ڤییەن کە بە هۆی فازل ڕەسوڵ مەلا محمود( کە دواتر بە پێی بەڵگەنامەکان دەناسێندرێ) بە قیمەتی یەک ملیۆن و چوارسەدو پەنجاهەزار شلینگ بۆ ئەحمەد بنبێلا کڕدرابوو. مەبەستیش ئەوە بووە کە بنبێلا بە د.قاسملوو ڕابگەیەنێ کە ئەویش [ بن‌بلا]لە کۆبوونەوەکاندا بەشداریی دەکا. کرتە بۆ ئێرەو ئێرە بکە و Ctrl دابگرە. تەرجەمەی ئەو دوو بەڵگەنامەیە پێشتر لە پێداچوونەوەیەک بە پێداچوونەوەکەی مەلاعەبدوڵلا حەسەن‌زادە ناسراو بە حیاکیی بە وەرگێڕدراوی کتێبی خولیاو مەرگی ڕەحمانی کوردا کە هەمەلاعەبدوڵلا هەزاران تەزویری بۆ پاکانە کردن و چەواشەکردنی بیرورای گشتیی تێیدا کردووە بڵاو کراوەتەوە. تەزویرەکانی مەلا عەبدوڵلا ئیقرارو ئیعتیرافی ناوبراون بە هاوکاریی خۆی وتیمەکەی لەگەل دەزگای ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعاتی ڕژیم و هاوکاریی کردنی تێرۆریستەکان و هاوکارەکوردەکانیان بۆ تێرۆری د.قاسملوو د.شەرەفکەندیی و سەدان ئەندامی حدکاو توناکردنی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

دووهەم، کڕینی مۆتۆرسیکلێتێک لە لایەن محمد جعفری صحراروی یەوە کە بۆ خۆدەربازکردنیان دوای بەڕێوەبردنی پلانی تێرۆر و گەیشتنیان بۆ فرۆکەخانەی ڤییەن. دۆکۆمێنتی ئەو بابەتە و وتەکانی فرۆشیارەکەی و ناسینەوەی محمد جعفر صحراروی کە کریاری مۆتۆرەکە بووە دواتر باس دەکرێ و نیشان دەدرێ. بەهەر دەلیلێک بووبێ، ئەو پلانە بۆ قۆناخی دووهەم وەدواخرابوو. پۆلیس زۆر بەدوای ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتەدا گەڕابوو بەلام هیچکام لەو کەسانە : تاڵەبانیی، نەوشیروان مصطفی ، شازاد صائب و خەسرەو خال لە ڤییەن نەبوون کە پرس و جۆیان لێبکرێ و هەرگیز دوای ئەو ڕوداوە نەگەڕانەوە بۆ ڤییەن.

بزرگیان درێژە بە قسەکانی‌دەداو دەڵێ: لەو کاتەدا من لە ئوتریش خەریکی کارێکی گرنگ بووم. ئەوەش پێوەندیی بە دیداریکی نوێنەرانی کورد و نوێنەرانی "دەولەتی فارسەکانەوە" بوو کە [ ناکۆکیی نێوانیان ]بەرەو ئاشتیی بەرێ. ئەو کۆبوونەوەیە لە نزیک مالی فازل ڕەسوڵ لە مالێکدا کە ژمارەکەی ٨ بوو کە لەوکۆڵانەدا شوێنێک بە ناوی ستریپ لۆکال[18] هەبوو بەڕێوە چوو. لێکۆلەر لە شرۆڤەی باسەکەی بزرگیاندا ، لێی‌زیادکردووە و پێی وایە کە ئەوشوێنە لە دیتریش شتاینگاسە بووبێ. بزرگیان دەلێ: من خاوەن ماڵەکە ناناسم. دەکرێ ئەومالە هی ڕێکخراوێکی کورد بووبێ. لە لێکۆلینەوەکانی دیکەدا ئەو بابەتە تیشکی دەخرێتە سەر.

امیر منصور بزرگیان اصل لە واقیعدا و وەکو خۆی گوتوویە "خزمەتکار" و بادیگاردی" صحراروی بووە و پاسپۆرتی سیاسیی بەو مەبەستە دراوەتێ کە بۆ تێرۆر و ڕاکردن لە دەستی پۆلیس کەڵکی لێوەربگرێ.

ڕێکخەرو پلانداڕێژی پلانی وتوێژی د.قاسملوو و تێرۆریستەکان لە قۆناخی یەکەمی وتوویژ بە هاوکاریی ئۆدەی کارەتایبەتیی‌یەکان بە پێی بەڵگەنامەکان : جەلال تاڵەبانیی و نەوشیروان مصطفی ئەمین، کەمال فواد و فواد معصوم ( نوێنەرانی تاڵەبانیی لە ئالمان و تاران ) ئاگادار لەو پێوەندیی‌یە و پلانی پێکهێنانی وتویژ بوون. سەعدی ئەحمەد پیرەش ڕێکخەری شوێنی کۆبوونەوەی خولی یەکەم لە ڕۆژی یەکەم لە مالی لایەنگرێکی تالەبانیی بە ناوی خەبات مەعروف بووە.

وەکو پێشتر باس کرا وتویژی نێوان د.قاسملوو تێرۆریستەکان بە پێی شریتی شاراوەی تۆمارکراوی د.قاسملوو بە نهینیی لە کۆبوونەوەی قۆناخی یەکەم لە ٢٨ دیسامبری ١٩٨٨ و ٣٠ دیسامبری ١٩٨٨ و ٢٠ ژانوێەی ١٩٨٩ بە بەشداریی د.قاسملوو عەبدولڵا قادریی ، صحراروی، اجوادی،بەشداریی تاڵەبانیی، نەوشیروان مصطفی، شازاد سائیب و خەسرەو خال پێک هاتبوو.

هەوڵ بۆ ڕێکخستنی وتویژی نێوان د.قاسملوو و تێرۆریستەکانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بە پێی نووسراوەیەکی کوردستان ئۆرگانی ڕەسمیی حدکا نووسینی مەلا عەبدوڵلا حەسەن‌زادە کە بە ڕاپۆرتێکی خەبەریی( جاسوسیی ) جەلال تاڵەبانیی بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی ناودێری کردبوو دەستی پێکردبوو. بەڵگەنامەکەی لە بڵاوۆکی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران " لە ژمارەی ١٢٧ جۆزەردانی ١٣٦٦ ژوئەنی ١٩٦٧چاپ کرابوو. پێشتر لە ریزی هەزاران تەزویری مەلا عەبدوڵلا حەسەن‌زادە بۆ پاکانەکردن بۆ تێرۆریستەکان و هاوکارەکوردەکانیان باسی کراوە. بابەتەکە ئەوە بووە کە تاڵەبانیی لە ڕاپۆرتێکی سەرتاپا دوور لەراستیی‌خۆی‌دا بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی ڕژیم

18 Strip Local

ئیددیعای کردبوو کە :" حیزبەکەی قاسملوو دوچاری بێسەرەوبەرەیی بووە و گوایە د.قاسملوو نامەی بۆ ئەو(تالەبانیی) نووسیوە و داوای کردووە کە ئەماننامەی لە کۆماری ئیسلامیی بۆ وەربگرێ.

شێخ علی فلاحیان وەزیری ئیتتیلاعات ئەو" راپۆرتە خەبەرییەی" تالەبانیی لە رۆژنامەی کیهان ١٣٠١١ دا لەقاودابوو. ئەو کارەی تالەبانیی بۆ باقر ذوالقدر کە بەرپرسی ئامادەکردنی پەروەندەی دژبەرانی سیاسیی رژیم بۆ تیرۆرکردنیان بووە بە مانای لێدانی کلیلی چرای سەوز بۆ تیرۆری د.قاسملوو و دانی ئەرکێک بە تالەبانیی فام کرابوو.

پێشتر ئەو بابەتە لە پێداچوونەوەیەک بە پێداچوونەوەکەی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بە وەرگێڕدراوی کتێبی خولیا و مەرگی رەحمانی کوردکە هەزاران تەزویری بۆ پاکانە کردن بۆ تیرۆریستەکانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و هاوکارە کوردەکانیان کردووە بڵاو کراوەتەوە.

سەرنجراکێش ترین بەڵگەی ئەو وکۆبوونەوەیە، تۆمارکردنی کاسێتێک بووە کە د.قاسملوو بە نهێنیی لە وتەکانی تالەبانیی تۆمار کردبوو. مەلا عەبدوللاو تیمە هاوکارەکەی و مصطفی هجری لە ٢٧ ساڵی رابردوودا ئەو بەڵگە مێژوویییەیان بە هۆی گرنگیی ئەو بابەتە و بۆ ئەوە رازی هەموو کارەساتەکانی کوردستان ئاشکرا نەکرێن لە خەڵکی کوردیان شاردبۆوە. سەرنجراکێشتر ئەوەیە کە لە بلاوکردنەوەکەشیدا هیچ روونکردنەوەیەکیان لەسەر شاردنەوەی و ناوەرۆکەکەی بڵاو نەکردەوە.

دریژەی پرسیارەکانی پۆلیس لە بزرگیان

پۆلیس لەمەر بەشداریی‌کردنی بزرگیان لە وتوێژەکاندا چەند پرسیاری لە بزرگیان کردبوو کە وەلامەکەی ئەوەبووە:

بزرگیان دەڵێ:"من تەنیا لە دانیشتنێکدا بەشداربووم" کارەکەشم چاوەدێریی و خزمەتکردن بووە. ناوبراو لەمەر پێوەندیی بەو وتووێژەوە پرسیاری لێکراوە ودەڵێ: ئەو پێوەندییە ناراستەو خۆ بووە و کارگێڕانی ئێران پێیان وانەبوو کە د.قاسملوو خۆی بەشداریی لەو کۆبوونەوەیەدا دەکا و دەڵێ: مەترسیی ئەوە هەبوو کە لە لایەن رژیمی عێراقەوە بایکۆت بکرێ.

بزرگیان درێژەی پێدەداو دەلی : لەورووەوە کە د.قاسملوو لە دەولەتی عێراق نزیک بوو، ئەو وتوێژە ، دەیتوانیی لێک نزیکبوونەوەیەک پێک بێنێ و ئەوە بۆ رژیمی عێراق خۆش نەبوو، پێویستیی هەبوونی من لەو کۆبوونەوەیەدا ئەوە بووە کە دەکرا پێش بە هێرشێکی ئیحتیمالیی یان هەوڵێکی تێکدەرانە بگرێ. ئەو دانیشتنەی کە من تێیدا بەشدار بووم زووتر لە کاتی خۆی کۆتایی پێهات. دوای ئەوە هەردوو لا پێکگەیشتن جارێکی دیکە کۆببنەوە. دوای سێ مانگ د.قاسملوو پێوەندیی بە ئێرانەوە گرت و کارگێرانی ئێرانیش بۆ دەورێکی دیکەی وتوێژ رەزامەندیی خۆیان راگەیاند و ئەو دیدارەش پێک هات. بزرگیان راینەگەیاندبوو کە د.قاسملوو ئەو پێوەندیی‌یەی چۆن گرتبوو کێ رێکخەری بووە؟

بزرگیان دەڵێ: ئەو کارە دە بوو بە نهێنیی بکرێ. تالەبانی کە لە ئێران بووە لە لای دۆست و هاوکارەکانی خۆی ئەو وتوێژەی درکاندبوو. لەبەر ئەوە لەلایەن کارگێڕانی ئێرانەوە ئەو پلانە گۆڕدرا. دوای ئەوە کە مەسەلەکە ئارام بۆوە. لە لایەن کارگێڕانی ئێرانەوە، فازل رەسول دیاری کرا کە لە نێوان د.قاسملوو و لایەنی ئێرانیی‌یەکانەوە ناوبژیوان بێ و تالەبانیی لەو کارە وەلا نرا.

بزرگیان لە درێژە ی باسەکەی دا دەڵێ: "دوو حەوتوو بەر لە هاتنم بۆ ئوتریش ئەو مەئمورییەتەم پێ ئەسپێردراکە لەگەل فازل رەسوڵ پێوەندیی بگرم و دوو پەیامی پێرابگەیەنم. من لە تارانەوە بەرەو زوریخ بە فرۆکە سەفەرم کرد. راستی دەکەمەوە بەرەو ژێنێف[19] و لە ٢١یونی ١٩٨٩ لە رێگەی فیلدکرخە و بوکسەوە[20]– بەرەو ئوتریش سەفەرم کرد. من ژمارە تەلەفۆنی فازل رەسوڵ و بۆ ئیحتیات ژمارە تەلەفۆنی براکەیم بە ناوی K لە دایکبووی ساڵ ...مانگ..و رۆژ.. پێبوو. سەرەتا کە لەهۆتێل پۆست جێگیربووم ویستم لەگەل فازل رەسوڵ پێوەندی بگرم، بەلام نەکرا پێوەندیی پێوەبگرم. لەگەل براکەی پێوەندیم گرت و ئەویش ئاگاداری کردم کە لە ولاتێکی دەرەوەی ئوتریشە و منیش ژمارە تەلەفۆنی هۆتێل پۆستم[21] دایە کە بیدا بە فازلی برای تا پێوەندییم پێوە بگرێ. فازل پێوەندیی پێوەگرتم و ئاگاداری کردم کە ٢٦ یونی دگەرێتەوە بۆ ڤییەن. دوانێوەرۆی ئەو رۆژە چاوم بە فازل رەسوڵ کەوت و دوو پەیام ( پێشنیاری دەولەتەکەی خۆمم) پێراگەیاند. دوو پەیامەکە ئەوانە بوون:

١)– "تالەبانیی بە هەموو زۆربڵەیی خۆیەوە هەموو نهێنیی‌یەکی ئاشکراکردووە." [22]

٢) "لە بری تالەبانیی دەبێ فازل رەسوڵ لە وتوێژەکەدا بەشداریی بکا."

---

19 Genf

20 Feldkirch - Buchs

21 Hotel Post

22-1) Talabani haette mit seiner Bewschwaetzigkeit alles verraten und 2) anstatt Talabani sollte Dr. Rasool an den Beschprechungen teilnehmen.

فازل رەسول هەوڵی دابوو لەگەل د.قاسملوو وتویژ بکاو ئەگەر ئەو قبول بکا جێگەو کات و بەشدارانی وتوێژێکی دیکە دیاری بکرێ. فازل رەسول رایگەیاند کە ئامادەیە بەرەو پاریس سەفەربکا.

بزرگیان دەڵێ: "هاوکات بانگهێشتننامەیەکەم بۆ سەفەرکردنی فازل رەسوڵ بۆ ئێران لەگەل تیکێتێک بۆ راگرتنی جێ لە فرۆکە دا بۆ سەفەر بۆ ئێران پێدا. فازل منی بە براکەی خۆی ئەسپارد کە لەخزمەتم‌دابێ. ئەویش زۆر جار هاتە لام. دوای چند جار تەلەفۆن کردنی فازل رەسول بۆ پاریس، د.قاسملوو رازیی بوو کە فازل سەفەری پاریس بکاو رۆژی هەینی ۱۹۸۹/٦/۳۰ د.قاسملوو لە پاریس ببینێ. فازل رۆژی ٦/۳۰/ ۱۹۸۹ بە فرۆکە بەرەو پاریس سەفەری کردو لەوێرا بۆ هۆتێل پۆست تەلەفونی بۆکردم و پێی‌راگەیاندم کە: د.قاسملوو لەگەل هەموو پێشنیارەکان بۆ وتویژ رازیی بووە. فازل ژمارەتەلەفۆنێکی دامێ کە دەمتوانی لە پاریس پێوەندیی پێوە بگرم. ئەو ژمارانەش دەتوانن لە ناو یادداشتەکانمدا پەیدا بکەن. بزرگیان لە درێژەی وتەکانی‌دا دەڵێ: فازل رەسوڵ رۆژی هەینی لە فەرەنسەوە تەلەفونی بۆ کردم و پێی‌راگەیاندم کە: "وتوێژەکە تا ۱۵ یولی کە د.قاسملوو خۆی تێی‌دابەشدار دەبێ بەرێوە بچێ و شوێنی کۆبوونەوەکەش لە ڤییەن دەبێ. ئەوەشم بە تەلەفۆن بە تاران راگەیاند."

من دەستورم پێدرا کە خۆم لە ئوتریش بمێنمەوە و لە تارانەوە پێم راگەیاندرا کە تا ۱۵ یولی وتوێژەکە دەست پێ بکرێ. فازل رەسوڵ تا رۆژی ۳ ی یولی گەرایەوە و رۆژی سێ شەمە چاوم پێی‌کەوت.

بزرگیان دەڵێ: "فازل رەسوڵ بۆی‌گێرامەوە کە د.قاسملوو لە ئاشکراکردنی وتووێژەکە لە لایەن جەلال تالەبانییەوە زۆر نیگەران بووە. لەبەر ئەوە سەرۆک کۆماری عێراق، صدام حسێن رەخنەی لێگرتبوو کە بۆچێ لە گەل رژیمی ئێران بە نهێنیی وتوێژی کردبوو."

فازل گوتی : هاتنی شەخسی د.قاسملوو بۆ ڤییەن حەتمی‌یە و بە متمانەوە تارۆژی ۷/۱۲ /۱۹۸۹ دەگاتە ئوتریش. کاتی هاتنەکەی د.قاسملوو شوێنی کۆبوونەوەکە لە لایەن بزرگیانەوە لەمالی فازل رەسول بە تاران راگەیەندرا.

بزرگیان دەڵێ دوای تەلە فۆنەکانی من بۆتاران، دەبوو دوو وتوێژکەرەکە: محمد جعفری صحراروەدی و حاجی مصطفی ئەو پەرەکەی تا رۆژی سێ شەممە لە ڤییەن چاویان بە دوکتور قاسملوو بکەوێ. لەو ماوەیەدا فرۆکە یەک لە تارانەوە بۆ ئوتریش نەفریبوو و ئەوان دەبوو بۆ شوێنێکی دیکە لابدەن. من هە وڵم دا خۆم دوای دوورۆژ بیانهێنم. وامان قەرار دانا کە ئەوان فازل رەسوڵ ئاگاداربکەن و ئەویش ناوی ئەو هۆتێلەی کە من لێی‌بووم بەوان رابگەیەنێ. ئەو دوو کەسە دواتر هاتنە ئەو هۆتێلەی کە من لەوێ نیشتەجێ بووم. ناوی ئەو هۆتێلەش " شتیگێل برۆی ڤییەن [23] ژمارە ۱۵۰ لە شەقامی ماریا هیلفێر شتراسە ژمارە ۱۵٦ بوو[24].

بەرپرسی لێکۆڵینەوەکە لە منصور بزرگیان دەپرسێ: تۆ کەی لەلایەن فازل رەسولەوە ئاگادار کرای کە عەبدوللا قادریی هاو سەفەری د.قاسملوو بۆ شاری ڤییەنە؟

وەلامەکەی بزرگیان بەو پرسیارە ئەوە بووە: کاتێ کە فازل لە سەفەری فەرەنسە گەڕایەوە ئەوەی بۆ من ئاشکراکرد و هاوکات ناو ی عەبدوللاقادریی درکاند. ئەمن بە بێ راوەستان ئەو زانیارییەم بە تاران راگەیاند. عەبدوللا قادریی نوێنەری حدکا لە ئوروپا بوو.

یەکەم کۆبوونەوە لە ۷/۱۲/ ۱۹۸۹ کرا.

ئەو وتانەی کە ئەو تێرۆریستە لەمەر تالەبانیی باسی کردوون ،جێێ رامانن و لە درێژەی لێکۆلینەوەکەدا بوون و نەبوون، یان درۆ و راستبوونیان باس دەکرێن.

## یەکەم کۆبوونەوەی د.قاسملوو و تێرۆریستەکان بە بەشداریی فازل رەسوڵ لە رۆژی ۱۹۸۹/۷/۱۲

منصور بزرگیان لە مەر دیاری‌کردن و دەستپێکردنی گوت وبێژی رۆژی یەکەمی قۆناخی دووهەم لە نێوان د.قاسملوو عەبدوللا قادریی و تێرۆریستەکان لە یەکەم لێکۆلینەوەی پۆلیسی‌دادوەریی ئوتریش لە شاری ڤییەن گوتبووی: "دیاریکردنی کات و دەسپێکی وتوویژ لە رۆژی ۱۲ /۷/ ۱۹۸۹ (چوارشەممە)، دەور و بەری کاتژمێر ۱۰ لە لایەن فازل رەسوڵەوە بە تەلەفۆن بەمجۆرە راگەیەندرا کە: ئێمە لە کاتژمێر ۱٦ لە وێستگەی ئوتوبوس نزیک بە هۆتێل هیلتۆن چاوەروان دە بین. ئێمە دە خولەک زوتر لەکاتی دیاریکراو لەوێ بووین و فازل رەسوڵ هات. وێکرا بە پێ چووینە شوێنی قەرارەکە. کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrl دابگرە! ئەوەی کە لەو دۆکۆمێنتەی ژمارە پێنج نیشان‌دراوە دەقی ئالمانیی سەرچاوەی وتەکانە کە کراوە بە کوردیی.

23 Stiegelbraeu Wien 1130

24 Mariahilfer Strasse 156

**دوو واقعییەت لەلایەن بزرگیانەوە دەبوو باس بکرێن بەلا م شاردوونیەوە:**

**لە رۆژی یەکەم دا د.قاسملوو دەبوو بچێتە مالی فازل رەسوڵ و چاوی بە ئەحمەد بنبێلا بکەوێ و بزانێ ئاخۆ لەوتوێژەکەدا بەشداریی دەکا ؟ قەرارەکە وابووە کە ئەویش بەشداریی بکا. بنبێلاش چووبووە مالی فازل رەسوڵ و لەوێ چاوی بە د.قاسملوو کەوتبوو. دەبێ بە پێی قەراری پێشوو لەگەل تێرۆریستەکان و هاوکارەکانیان و بە تایبەتیی لەگەل جەلال تالەبانیی کە بنبێلای بە د.قاسملوو ناساندبوو بەڵێنیی بە شداریی کردنی بە درۆی بە د.قاسملوو دابوو. بۆ ئەو کارە فریودەرانەیەش کە وەئەستۆی گرتبوو ئاپارتمانێکیان لە قۆناخی یەکەمی وتوێژدا بە قیمەتی ملیۆنێک و چوار سەت و پەنجا هەزار شیلینگ لە شاری ڤییەن بۆ کریبوو. کرتە بۆ [ئێرە](#) بکە و Ctrlدابگرە! بالوێزخانەی ئێران لە ڤییەن لەو پلانەدا بە وردیی ئاگادار بووە و بە تەواویی هاوکاریی تێرۆریستەکان و هاوکارەکانیانی کردووە. د.کێسلێر بەرپرسی دژە تێرۆر لە دوای تێرۆری د.قاسملوو ئاگاداری ئەو تاوانەی بنبێلا بووە و دەیهەوێ لێی بکۆڵێتەوە. بەڵام ئەو "رێویە پێرە" مەترسیی گرتن و تاوانی بەشداریی کردنی خۆی لەلایەن دادوەرانی لێکۆلینەوە لەبەرچاو بووە کە دوای چەلەحانەیەکی زۆرلەگەل د.کێسلێر لە ئوتریش رای کردبوو. ناساندنی بنبێلا بە د.قاسملوو کاری جەلال تالەبانیی و فازل رەسوڵ بووە.**

**بەڵگەنامەکەی پۆلیس نیشاندەدا کە بنبێلا سیاسەتکارێکی فاسیدو خۆفرۆش بووە. ئەبوالحسن بنیصدر لە لە کتێبێکیدا بە ناوی کارنامە، روزها بر رئیس جمهور چگونە <u>میگذرد لە جڵدی یەکەم لە ١١ ی مانگی تیرەوە تا٣١ مرداد ١٣٥٩</u> ، لە رۆژی دوشەممە ١٦ تیردا ئەو بابەتەی لەسەر احمد بن بڵا نووسیوە:**

بعد از ظهر نخست یک الجزایری نزد من آمد و درباره جریان تفکر بن بلا صحبت کرد که او کاملاً تفکر اسلامی پیدا کرده و در این تفکر به خلوص رسیده است. او پیشنهادهایی درباره بین الملل اسلامی داشت. در این وقت من برای شرکت در جلسه هیئت وزیران رفتم. در این جلسه مسایل مختلفی بحث شد و به تصویب رسید. مسئله اولی که وزیر کار مطرح کرد، مسئله جذب مازاد کارگران بنادر خوزستان در طرحهای تولیدی بود که قرار شد این

**مانای نووسراوەکەی ابوالحسن بنیصدر، سەرکۆماری بەرێێ ئێران بە کوردیی ئەوەیە: " دوانیوەرۆ سەرەتا کابرایەکی ئەلجەزایری هاتە لای من و لەمەر رەوتی فکریی <u>بن بێلا[ احمد بن بلا]</u> قسەی کرد و گوتی: بنبێلا بووەتە ئیسلامیی و لەو شێوە بیرکردنەوەیەدا تواوەتەوە...**

**کرتە بۆ [ئێرە](#) بکە و Ctrl دابگرە و لە سەرچاوەکەی بروانە.**

**وەرگیراو لە دەقی راپۆرتەکەی پۆلیس لە دەفتەرخانەی دوکتور وینفرێد کرالیک[25]**

**فازل سول لە لایەن بالوێزخانەی ئێرانەوە هەموو تەشریفاتی قانوونیی بۆ کڕینی ئاپارتمانێک بۆ بنبێلا و دانی قیمەتەکەی و بردنی بنبێلا بۆ دەفتەرخانەی فرۆشیاری ئاپارتمانەکە، ئیمزای دۆکۆمێنتەکان و کردنی بنبێلا بە خاوەنی ئاپارتمانەکە لە لایەن باڵوێزخانەی ئێرانەوە وەئەستۆ گرتبوو. وەرگێڕدراوی ئەو بەڵگەنامەیەی پۆلیس بە کوردیی پێشتر لە پێداچوونەوەکەی مەلا عەبدوللا بە دەقی کوردیی کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد کە رەوانشاد فتاحکاویان کردبووی بە کوریی و مەلا عەبدوللا خۆی هەزاران تەزویری بۆ پاکانەکردن بۆ تێرۆریستەکان و هاودەستەکانیانی تێدا کردووە بڵاو کراوەتەوە.**

**واقعییەت ئەوەیە کە بزرگیان دەورێکی لە وتوێژەکەدا نەبووە، کاری ئەو تەنیا شەریکەتاوانیی لە گەل دوو تێرۆریستەکەی دیکەلە کوشتنی د.قاسملوو عەبدوللا قادریی ئازەردا بووە.**

**گوترا کە فازل رەسوڵ شوێنی چاوپێکەوتنەکەی خۆی و تێرۆریستەکانی لە نزیک هۆتیل هیلتۆن دیاریی کرد بوو و بەدوایانداچوو بوو. لە کاتی دیارییکراودا صحرارودی و اجوادی و بزرگیان لە شوێنی دیاریی کراو دەبینێ و وێکرا بەرەو بینای ژمارە 5 ئاپارتمانی ژنە سیغەییەکەی فازل رەسوڵ بە ناوی رێناتە کە شوێنی دیارییکراو بۆ تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی لە گەڕەکی لینکەبانگاسێ بووە وەرێکەوتبوون.**

**ئەوە تەنیا نومایشێک بووە بۆ فریودانی د.قاسملوو عەبدوللا قادریی ئازەر. ئەو تێرۆریستانە و هاوکارە کوردەکانیان تالەبانیی ونەوشیروان مصطفی و دوو هاورێی دیکەشیان لە خولیەکەمی وتوێژەکەدا کە لە ٢٤ی دیسامبری ١٩٨٨ تا ٢٦ژانویەی ١٩٨٩ لە ڤییەن مابوونەوە جیا لە چەندرۆژێک کە لە ئاپارتمان /هۆتێلی ئیدلهۆف مابوونەوە شوێنێکی دیارییکراویان نەبووە کە بە ئاشکرا لێی بووبن. پۆلیس ناوی موسافیرەکانی هەموو هۆتێلەکانی شاری ڤییەنی لەو ماوەیەدا کۆنترۆڵ کردبوو. جیالە نەوشیروان مصطفی کە پاسپۆرتەکەی بە ناوی خۆی بووە، نازانرێ کە تالەبانیی و دوو هاورێکەی دیکەی بە چ ناوێکەوە چووبوونە ڤییەن. پۆلیس زۆر بەدوای ئەو بابەتەدا گەرابوو، بەلام نەیتوانیبوو شوێنی مانەوەی تالەبانیی و هاکارەکانی جیالەوچەندرۆژەی ئاپارتمانەکانی ئیدلهۆف کە صحرارودی بە ناوی خۆی بەکرێ گرتبوو و حەوت تا هەشت کەس وێکرا لە ئۆدەیەکدا مابوونەوە جێیەکی ئاشکرایان نەبووە کە بۆ پۆلیس ئاشکرا بووبێ.**

---

[25] **Notariatskanzlei Dr. Winfried Kralik**

بزرگیان لە وەرگێراوەکەیدا گووتوویە : ئەوە یەکەم جاربوو کە لە ئوتریش ئەو کۆبوونەوەیە ببینم. کاتژمێر ١٦ فازل رەسوڵ هات و وێکرا پیادە بەرەو <u>شوێنی دیدارەکە وەرێکەوتین.</u> لێرەدا بزرگیان_ بێ ئەوەی پرسیاری لێکرابێ واقعیەتێک دەدرکێنێ و وەرگێڕەکە ئەو واقعییەتە لە زمانی بزرگیان ەوە بەزمانی ئالمانیی دەنووسێ:

Gegen 16.00 Uhr kam Dr. Rasool und gingen wir zu Fuss zum treffort , wobei Ich bemerken muss , <u>dass uns die adresse nicht bekant war.</u>

مانای ئەو چەند دێرە ئەوەیە: دەوروبەری کاتژمێر ١٦رەسوڵ هات وبە پێ <u>چووین بۆ شوێنی چاوپێکەوتنەکە!</u>

<u>بزرگیان کتوپڕوەخۆ هاتبۆوە و ئاگای کردبوو کە شوێنی هێلکە دۆراوەکەی ئاشکراکردووە و گرێی پەتکەسورەی داخزیوە و ئاشکرای کردووە کە شوێنی کۆبوونەوەکەی درکاندووە. بۆ ئەوە لە بەرچاوی لێکۆلیەرەوەی بشارێتەوە و دەیهەوێ پینەی بکاو دەڵێ: "دەبێ من سەرنجتان رابکێشم بۆ ئەوە کە ئادرەسەکە بۆ ئێمە ئاشکرا نەبوو.</u> "

بزرگیان بەوردیی رێگاوبان، شەقام ،کەلین و قوژبنەکانی ئەو شوێنەی کە جینایەتەکەیان لێکردبوو بۆ ئەو ئاشنابووە. دەرگاو پەنجەرە، قوفل و کلیلی ماڵەکە، شوێنی فڕێدانی چەکەکانیان و بەڵگەکانیان، شوێنی تەلەفونی گشتیی، ئادرەسی باڵوێزخانەی ئێران لە مەودای ٧ خولەکیی شوێنی جینایەتەکە بۆ کەسێک کە بە شێوەی ئاسایی و بە پێ لەماڵی جینایەتلێکراوەوە بۆی بچێ. ناوی شەقامەکانی دەور و پشت، هۆتێل و تەنانەت مەک دۆناڵدێک کە لە نزیکی ئەوشوێنەبووە شارەزابووە و پێشتر بە وردیی تاقی کردبوونەوە. بۆ چی و بێ ئەوە پرسیاری لێکرابێ باسی شارەزانەبوونی شوێنی کۆبوونەوەکەی کردبوو؟! کاتی بەرلەوە بە قەولی خۆی شوێنی کۆبوونەوەکەی نەدیبووبێ چۆن بووە کە باسی شوێنی کۆبوونەکەی کردبوو کە بە پێ بۆی چووبون.

شوێنی تێرۆری د.قاسملوو لە لایەن زۆرکەس لە خزم و ئاشناکانی فازل رەسوڵەوە و ئەندامانی سەر بە تەنزیمەکەی ینک و دۆستانی فازل و خزمەکانی و لایەنگرانی کۆماری ئیسلامیی کە لە وڵاتانی عەرەبییەوە هاتبوون ناسراو بووە و کەڵکیان لێوەرگرتبوو.

ئەو شوێنە ئادرەسی رەسمیی زۆرلەوکەسانەبووە کە ماڵ و حاڵێکیان نەبووە و خزم و کەسی فازل یان ناسیاوی بوون و بە ئاگاداریی پۆلیس یان بە نهێنیی کەڵکیان لێوەرگرتبوو. بێجگە لە نەوشیروان مصطفی ئەمین کە لە ئاپارتمانەکانی ئیدلهۆف بۆ چەند رۆژێک بە ناوی خۆیەوە لە ئێدلهۆف مابۆوە کەسانێکی دیکە وەکو : جەلال تاڵەبانیی، خەسرەو خاڵ و شازاد سائیب کە لە ٢٥ مانگی دێسێمبری ١٩٨٨ ەوە تا دوای رۆژی ٢٠ی سێپتێمبری ١٩٨٨ بە ناوی خوازراوە لە ڤییەن مابوونەوە شوێنێکی دیاررکراویان نە بووە کە پۆلیس شارەزای بووبێ. تاڵەبانیی و صحراروديی و هاوکارەکانیان کە بۆ ماوەیەک لە هۆتێل/ئاپارتمانەکانی ئیدلهۆف مابوونەوە ٨ کەس وێکرا لە ئۆدەیەک دابوون تەنیا ئەو سێ کەسە :١- صحرارودی٢- اجوادی ( حاجی مصطفی ) ٣- نەوشیروان مصطفی ئەمین کە تەنیا بۆیەک رۆژ ( ١٨-١-١٩٨٩) ناوی خۆی بە بەڕێوەبەریی هۆتێلەکە راگەیەندبوو لەو هۆتێل – ئاپارتمانەدا مابوونەوە .کرتە بۆ <u>ئێرە</u> بکە و Ctrl دابگرە! تاڵەبانیی و نەوشیروان و هاورێکانیان هەرگیز باسی ئەوشوێنەیان نەکردبوو کە لێی مابوونەوە.

ژنەسیغەییەکەی فازل رەسوڵ لەو ئاپارتمانەی خۆیدا کە بە ئاگاداریی ئۆدەی کارەتایبەتییەکان، باقری ذوالقدر و تێرۆریستەکان... کرابوو بە شوێنی تێرۆری د.قاسملوو عەبدوللا قادریی، کاتژمێرێکی پیاوانە ی نوێی تێدا دۆزیبۆوە و بۆ پۆلیسی بردبوو و گوتبووی : ئەو کاتژمێرە هی ئەو نیيە و دەبێ هی ئەو کەسانە بووبێ کە لە پەستا لەو ماڵەدا مابوونەوە. ئەوەش بۆ پۆلیس پرسیار خولقێن بووە کە چ کەسانێک لەو ماڵەدا ژیابوون و چ پێوەندییەکیان بەوتێرۆرەوە هەبووە. زانیاریی زیاتری ئەوبابەتە لە لایەن پۆلیسی لێکۆلینەوە لە پەروەندەی تێرۆرەکەدا کۆکراوەتەوە. براو خزمەکانی فازل رەسوڵ لە ئوتریش کە ژمارەیان ١٣ کەس بووە بە نۆبە لە ئادرەسی ئەوماڵە و راگەیاندنی بە پۆلیس بە شوێنی مانەوەی خۆیان کەڵکیان وەرگرتبوو. لەکتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کوردا تاڵەبانیی لەسەر پێوەندیی فازل و صحرارودی و اجوادی دوواوە و هەوڵیداوە نیشانی بدا کە ئەو سەربەخۆ لە تەنزیمی ینک بووە.

بزرگیان لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا و کاتی چوونیان بۆ شوێنی وتوێژەکە دەڵێ: فازل رەسوڵ لە بەردەرگای بینای ژمارە 5 کلیلێکی لە گیرفانی شەڵوارەکەی دەرهێناو دەروازەی بیناکەی پێ کردەوە و ئێمە بە پلیکانەکاندا تا قاتی ٣ و بەردەرگای ئاپارتمانی ژمارە ١٢ سەرکەوتین. ناوبراودەڵێ: وابزانم دەرگاکە دەسگیرەی نەبووورەسول بە کلیل دەرگاکەی کردەوە. ناوبراو دوای ئەوە کە بە وردیی باسی ئۆدەکان و شوێنی دانیشتن و کتێبخانە و ئاودەستی ئاپارتمانەکەی کردبوو، دەڵێ: من راستەوخۆ لە وتوێژەکاندا بەشدار نەبووم و لە کتێبخانەکەدا دەمامەوە. هەروا کاتێ کە وەژور کەوتین د.قاسملووو قادریی هاتن. ئەحوالپرسینێکی گەرم وگوڕکرا و لە ماوەی وتوێژەکەدا شتێکی نائاسایی نەبوو. نە کەس لە ئۆدەکە وەدەرکەوت و نە کەسیش هاتە ژوورەوە. وتووێژەکە بە شێوەیەکی دۆستانە بەڕێوە چوو. لە وتووێژەکەدا نزیکبوونەویەک هاتە ئاراوە. دوای کۆتاییهێنان بە وتوێژی رۆژی چوارشەممە، بڕیار درا لە رۆژی پێنج شەممەدا لەو شوێنە درێژەبە وتوێژەکە بدرێ. بەلام کاتەکەی دیاریی نەکرا. چونکە دقاسملوورایگەیاند کە نابێ لە کاتژمێر ١٨ تێپەڕێ. فازل رەسوڵ دەبوو لایەنەکان لەکاتی کۆبوونەوە کە ئاگادار بکا. دوای ئەوە کە من چەند قسەیەکم لەگەڵ هاوکارە ئێرانییەکانم کرد بەرەو هۆتێلەکەم وەرێکەوتم. لەوە کە ئەوانیش بەرەو هۆتێلەکەیان چووبن ئاگادار نیم.

**<u>پینجشەممە ٩٨٩ /٧/١٣</u>**

امیرمنصور بزرگیان دەڵێ:رۆژی چوارشەممە بۆ پیاسەکردن چوومە ناوشار و کاتێ کە لە 23.30 بۆ هۆتێلەکەم گەڕامەوە لە هاوکارەکانمەوە تەلەفۆنم بۆکرا کە وتوێژەکە لە رۆژی ١٣/٧/ ١٩٨٩ لە کاتژمێر ١٧دا بەرێوە دەچێ.

لەو رۆژەدا تێرۆریستەکان سەرلە بە یانییەوە خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی تێرۆرەکە ئامادە کردبوو. لەبەردا هۆتێلەکەیان گۆڕیبوو.

منصور بزرگیان بۆ بۆ پۆلیسی دادوەری باس دەکا کە بۆ ناردنەوەی تەلەڤیزیۆنێک و کەل و پەلی خۆی چووەتە فرۆکەخانە ، بەڵام بۆی رێک نەکەوتبوو و گەڕابۆوە بۆ ناوشار و لە شوێنێک بە ناوی شۆتنتۆر[26] چاوی بە صحرارودی کەوتبوو. صحرارودی پێی گوتبوو وەکوئەو هۆتێلەکەی بگۆڕێ وبۆ ئەوە مەودای هۆتێلەکانیان نەمێنێ بچێتە ئەو هۆتێلەی کە ئەو و اجوادی لەوێ جێگیر بوون. بزرگیان بە لەز گەڕابۆوە بۆ هۆتێلەکەی خۆی و بە پەلە شتەکانی خۆی کۆکردبوونەوە و کرێمانەوەی خۆی لەو هۆتێلە بوو و بە تاکسیی بەرەو هۆتێل شتاینگلبرۆی[27] دەچێ و ئەویش لەوێ جێگیر دەبێ. بزرگیان دەڵێ : کاتێ کە من لەو هۆتێلە ئۆدەیەکیان دامێ و جێگیر بووم لە ئۆدەی جعفری صحرارودی کۆبووینەوە وباسمان لە رەوتی کارەکان کرد و <u>بریارماندا لە کاتژمێر ١٧ چاومان بە فازل رەسوڵ بکەوێ و لەگەل ئەو سەبارەت بە ئیسلام بدوێین!! ؟</u>

بە وتەی بزرگیان کاتژمێر پازدەو سی خولەک صحرارودی، حاجی مصطفی و بزرگیان وێکرا لە هۆتێلەکە وەدەرکەوتبوون و بەرەو شەقامی ماریاهیلفر شتراسە[28] چووبوون. بۆ گەیشتن بە نزیک هۆتێل هیلتۆن کەلکیان لە قەتاری گشتیی وەرگرتبوو. لە نزیک هۆتێل هیلتۆن لە قەتار دابەزیبوون و لەوێوە بە پێ بەرەو شوێنی قەرارەکە واتە لینکە بانگاسە چووبوون.

بزرگیان دەڵێ: من خۆم <u>تورەکەیەکی پلاستیکیی رەنگ سپی و شینم پێبوو</u>. لەو تورەکەیەدا پلانێکی ناوشار، کتێبێک و چاویلکەیەک و ژێرکراسێکی تێدابوو. مصطفی ( اجوادی)کیف دەستییەکی پێبوو، بەلام صحرارودی هیچی پێنەبوو.

وتەکانی بزرگیان بۆ دادوەری لێکۆلینەوە و پۆلیس سەرنجراکێش بوون. لە گۆرینی هۆتێل و بردنی بزرگیان بۆهۆتێلێک کە صحرارودی و حاجی مصطفی بۆ شەوەی ١٣ لەسەر ١٤ ریزێرویان کردبووو <u>باس کردن لەسەرئیسلام لەگەڵ فازل رەسوڵ...</u> بۆ کەسێک کە کاری لێکۆلینەوەدەکا گەلێ پرسیار خولقێنن. هەرتێرۆرێک کە تێرۆریستەکان لەدەرەوەی ئێران کردوویانە، ناوێکی رەمزیی یان بۆ داناون. تێرۆری میکونوسیان بە فریاد علوی ناودێرکردبوو. بۆ تێرۆری هادی خرسندی بەڕێوە بردنی جەژن بووە و <u>باس کردن لەسەر ئیسلام لەگەڵ فازل رەسوڵ</u> وێدەچی باس کردن لەسەر بەڕێوەبردنی تێرۆرەکە بووبێ. چەکەکان دەبێ لە تورەکە نایلۆنەکەی بزرگیان و لە کیفدەستییەکەی حاجی مصطفی دا بووبن. ئەوە تەنیا گومانە و دەکرێ لە ئاپارتمانەکەی رێناتەدا بووبن یان لە باڵوێزخانەی ئێرانیان وەرگرتبن. بۆ وەبیرهێنانەوە مەودای بالوێزخانەی ئێران لە ڤییەن لە شوێنی تێرۆری د.قاسملووش ( ئاپارتمانی ژنە سیغەییەکەی فازل رەسوڵ) بۆ پیادە ٧ خولەکە. بالوێز و بەشی ئەمنیەتیی وبەرپرسەکەی بە ناوی انصاری لە هەموو وردەکارییەکانی ئەو تێرۆرە ئاگادار بوون کە لە ڤییەن کرابوو.

لەوبەشە سەرەتاییەدا کە لێکۆلینەوەیەک نەکرابوو پۆلیسی دادوەریی و دادوەرانی لێکۆلینەوە زانیارییەکیان نەبووە کە بتوانن لە گەل بزرگیان باسی بکەن. لێکۆلەرەوەکان تەنیا گوێگری قسەکانی بزرگیان بوون.

کاتێ کە ئەوسێ کەسە( صحرارودی، اجوادی و بزرگیان) دەگەنە لینکەبانگاسێ دەچنە بەردەگای بینای ژمارە 5 و زەنگی ئاپارتمانی ژمارە١٢ دادەگرن، کەس وەلامیان ناداتەوە. دوپاتەی دەکەنەوە. دەچنەوە پیادەرێ و دەست بە زەنگی دەرگاکەوە دەنێن بەلام کاردانەوەیەک نەبووە. هەوڵ دەدەن لە زەنگی دەرگای دەرەوە بۆ چوونە ناوبیناکە بدەن بۆ ئەوە بتوانن بچنە ناو بیناکە، بەلام بێ ئاکام بووە. پیرەژنێک پرسیاریان لێدەکا کە کێیان دەوێ؟ قامک دەخەنە سەرژمارەی ١٢ . ژنە بە ساڵداچووەکە بە ئیشارە تێیاندەگەیەنێ کە خاوەنەکەی لە ماڵ نییە. کاتێ کە هەوڵەکەیان بۆ چوونەناو بیناکە بێ ئاکام دەبێ بەرەو هۆتێل هیلتۆن گەرابوونەوە . صحرارودی داوا لە بزرگیان دەکا کە تەلەفۆن بۆ فازل رەسوڵ بکا. بزرگیان دەڵێ من تەلەفۆنم بۆ مالی فازل کرد و ژنێک وەلامی دایەوە و گوتی : فازل لە مال نییە. بزرگیان دەلێ دیسان بەرەو شوێنی قەرارەکە گەڕاینەوە. کات گەیشتبووە دەورو بەری حەڤدەو سی خولەک. لە زەنگی دەرگاکەیان دابوو.

بزرگیان دەڵێ: فازل رەسول بە دەزگای ئایفۆنەکە دەرگای دەراوازەی بیناکەی کردەوە. کاتێ کە ئێمە گەیشتینە بەر دەرگای ئاپارتمانەکە دەرگاکە نیوەکراوە بوو و توانیمان وەژور کەوین ، لەو کاتەدا فازل رەسول لە چێشتخانەکە بوو. ئەوانی دیکە هێشتا نەهاتبوون. ئێمە هەرچوارمان: مەبەسی خۆی و جەعفەریی ( صحرارودی) ،حاجی مصطفێ، و فازل رەسوڵ] بووە کە چووبوونە ناو ئۆدەی دانیشتنەکە. <u>بزرگیان دەڵێ: ئەمرۆ منیش دەبوو لەوتوێژەکەدا راستەو خۆ بەشدار بم.</u>[29]

---

26 Schottentor

27 Steingelbraeu Wien

28 Mariahilferstr.

29 S.63.

diesem Zeitpunkt in der Wohnung nicht auf. Wir gingen alle
vier, ich meine DJAFARI, HAJI MUSTAPHA, Dr. RASOOD und ich,
in das Wohnzimmer Ich sollte an diesem Tage an der Konferenz
auch unmittelbar teilnahmen. Als wir uns gerade setzen wollten

**بزرگیان دەلێ:لەوکاتەدا کە دەمانویست دانیشین لە زەنگی دەروازەی بیناکەدرا. فازل دەرگاکەی کردبۆوە و کە هاتە ژورەوە گوتی: دۆستان هاتن. کیفێکی دەستیم بە دەستی قادرییەوە دێ، بەڵام ئەوی دیکە هیچی پێ نەبوو. لێرەش دا بزرگیان دەڵێ ئێمە دەبوو بەرەو ئۆدەی تایبەت بە وتوێژەکە بگەرێنەوە، بەلام نەدەبوو من بەشداریی بکەم وەدەبوو بگەرێمە بۆ کتێبخانەکە.**

**بزرگیان لە گێرانەوەکەیدا دەڵێ: من بە تەواوی متمانەم بەوە هە بوو کە دەرگای هاتنەژوورەوە داخرابوو. بۆ دە سپێک و دوای ئاڵوگۆری چاک و چۆنیی فازل رەسول بەو دەزگا تەلەفۆنەی کە لە کتێبخانەکەدا بوو تەلەفۆنی دەکرد، پێموایە بە زمانی ئاڵمانیی قسەی دەکرد. لە کاتی دەسپێکردنذا حاجی مصطفی جارێک چووە ئاودەست. فازل رەسول چەند جارێک چووە چێشتخانەکە. جیالەوانە هیچ کەس لە ئۆدەی دانیشتنەکە وەدەر نەکەوت. نزیک بە کاتژمێر ١٩ بوو، وام بە زەیندادێ کە وتوێژەکە بەرەو کۆتایی دەچوو. لەبەر ئەوە سەبارەت بە دیاریی کردنی کاتێکی دیکە بۆ درێژەدان بە وتووێژەکە ، رۆژی هەینیی و لەدەرەوەی ڤیيەن دیاریی کرا . فازل رەسوڵ لە ئۆدەی دانیشتنەکە وەدەرکەوت و من ئاگادارم کرد کە زۆرم برسییە و لە نەزەرم دایە بچم شتێک بۆ خوارنی خۆم بێنم. من نزیک بە کاتژمێر ١٩ ئۆدەکەم جێهێشت و پیادە چووم بۆ ماک دۆنالد. بۆ ئەوە پاساژی هۆتێل هیلتۆنم گرتە بەر. دوای دەوردانەوەی شەقامی لەند شتراسە هاویتشتراسە[30] چوومە ناو بیناکانی Bahnhof و چوومە ئەو لایەی کە ماکدۆناڵدەکەی لێیە لەوێ خۆراکی ماسیی و کۆلایەکم کڕی. و چل شیلینگم دا و بەرێیخۆمدا گەڕامەوە. کاتێ کە من گەرامەوە، جەعفەرییم دی لە پیادەرێی لینکە بانگاسێ لەبەری هۆتێل گۆڵدێنێ شپینێ.[31] بەرەو ئونگار گاسە[32] بەلارەوە ولارەوە داماو خۆی رکێش دەکرد. من وێستگەی قەتارەکەم دەورلێدا و کاتێ کە تا نیوەی چووبووم بۆم دەرکەوت کە خوێن بە لاملی جەعفەریدا بەرەوژوور لە قورگی داچۆراوە. من بەرەو ئەو رامکرد و بەرەو لینکە بانگاسە رکێشم کرد، تا پیادەرێیەکە بردم و لە تەنیشت قەتاری ئێسبان رامکێشا. جەعفەری گوتی تەقەیان لێکردم و من هاوارم بۆ ژنێک برد کە بەوبەری رووبەرووی هۆتێلەکەدا ڕادەبرا.( هۆتێل گۆڵدێنە شپینێ). ئەو خانمە پۆلیسی ئاگادار کرد.. دوایە پیاوێک هات و بەسەر جەعفەرییدا شۆر بۆوە و لەبرینەکەی روانی. زانیم کە ئەوە پزیشکە و بەرەو هۆتێل هیلتۆن رای کرد. وامزانی ئەو شوێنە بنکە یەکی پۆلیسی لێیە. کاتێ کە بنکەیەکی پۆلیسم بەرچاو نەکەوت بەرەو بریندارەکە گەڕامەوە.لەوکاتەدا ماشێنێکی پۆلیس گەیشتێ. من قۆلی پۆیسێم کێشاو بەروبینای ژمارە ٥ رامکێشا و لەقاتی ٣ بەزەینم داهات کە دەبێ شتێک لەوێ قەومابێ. کاتێ کە ئێمە بەرەو ماڵەکەچووین زانیمان کە دەرگاکە بەتەواوئی ئاواڵەیە. کاتێ کە چاوێکم بەئۆدەی دانیشتنەکەدا خشاند زانیم کە حاجی مصطفێ لەوێ نیيە. لەمەر زیندوو بوونی ئەویش من ئێستا ئاگادار نیم. من لە ژوورەکە وەدەرکەوتم لە لەسەر ئەردەکە رۆنیشتم.**

**پرسیاری پۆلیس لە بزرگیان: بۆچی لە و باسەی کە گێراتەوە باسێکت لەو پاکەتە دراوە زۆرە نەکرد کە جەعفەری بەرلەوەی بۆ نەخۆشخانە رایگوێزن دە گیرفانی راکردێ؟**

**وەلام: من پێم گرنگ نەبوو, چونکە من لەو باوەرەدابووم کە پۆلیس دیتبووی. من دیتبووم کە پۆلیس پاکەتێکی هۆتێل دوفرانس[33] کە ئەو پووڵ و پاسپۆرتەی ی تێدابوو درانـدبووی‌و ئەو پاسپۆرتەی کە نیشانی دەدا ناوی جعفری لێ نووسرابووکە لە پاکەتەکە ی دەرکێشا بوو.**

**پرسیار: کەسێک وتوێژەکەی جێهێشت کە بچی خواردەمەنی بێنێ؟**

**وەلام : تائەو کاتەی کە من لە ئۆدەکەدا بووم نا ، کەس نەچوو.**

**پرسیار : شتێک لەسەر ئەوشوێنە دەزانی کە حاجی مصطفی بۆی چووە؟**

**وەلام : من لەسەر شوێنی ئێستای هیچ شتێک نازانم.**

**پرسیار ؟ جەعفەریی ئەو پاکەتەی کە ناوی هۆتێل دوفرانسی لەسەر چاپ کرابوو و پەرەی تێخستبوو لە کوێی وەدەست کەوتبوو؟**

**وەلام: من لەسەر ئەوە ئاگادار نیم. من خۆم هیچ پێوەندییەکەم بەو کارەوە نیيە و لەپشتی ئەورووداوەدا چیهەبووە و ئەو کەسانەی کە ئەوەیان کردووە، ناتوانم هیچ بلێم.**

**درێژەی دەبێ!**

**30 Landstr, - Hauptstr.**

**31 Hotel Goldene Spinne**

**32 Ungargasse**


**33 Hotel de France**








Abdollah Ghaderi Azar



Amir Mansour Bozorgian


[1]



Verletzter Attentäter
Mohammed Djafari Sahraroodi

**تێرۆریستەکانی سەر بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعات بە ناوەکانی :**

**١– محمد جعفری صحرارودی( بریندار بە گوللەی ویڵەکیی خۆی لە سەر تەختی نەخۆشخانەی لە شاری ڤییەن. وێنەی ناوەراست لە ریزی دوو هەم هەمان تێرۆریستە کە سەرۆکی دەفتەری سەرەکیی ئیتتیلاعات لە یاخسەمەر( ناوەندی ینک و شوێنی ژیانی تالەبانیی) بووە.**

**٢– امیر منصور بزرگیان اصڵ دەستی چەپ لە ریزی دووهەم کە ناوەکەی بە پیتی زمانی ئینگلیزیی لەژێر وێنەکەیدا نووسراوە.**

**٣– حاج مصطفیٰ اجوادی وێنەی ئەو تێرۆریستە لەبەردەست دانییە و بە ناوی جۆراوجۆرەوە خۆی ناساندبوو. تەنیا فازل رەسوڵ و براکانی و جەلال تالەبانیی بووە. ئەویش کارگێڕێکی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە شاری ورمێ بووە.**